Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 7 Issue 1 Article6

# Social Conditions in Iran under the Safavid Dynasty

**Dashty Esmahil Omer**
*Erbil Technical University - Khabat Technical University* .

**Norman Nuri Abdullah**
*Ministry of Education -Bekhal Preparatory School for Girls.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Dashty,E.O.& Norman.N.A, 2026,Social Conditions in Iran under the Safavid Dynasty. Mitanni Journal, 7(1), Article 06
DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp113-121
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# Social Conditions in Iran under the Safavid Dynasty

Dashty Esmahil Omer [1], Norman Nuri Abdullah [2]

[1]Erbil Technical University – Khabat Technical University.
[2] Ministry of Education Bekhal Preparatory School for Girls.

Abstract
This research examines the diverse structure of society during the Safavid era، focusing on ethnic، religious، and class divisions. The study reveals that Safavid society was a mosaic of various ethnicities، including Persians (Tajiks)، Turkmens (Qizilbash)، Kurds، Arabs، and minorities such as Armenians and Jews. In addition to identifying the seven primary Qizilbash tribes، the paper analyzes the social hierarchy، ranging from the ruling elite to the middle class and peasantry. Furthermore، it explores cultural aspects and daily life، such as traditional clothing، marriage customs، culinary habits، and popular festivals. A descriptive-historical method was employed to analyze the historical sources of that period.
**Keywords:** Safavid State, Qizilbash, Social Structure, Customs and Traditions, Shah Ismail.

Received 24 February 2026; accepted 08 April 2026.
Available online 01 June 2026
* Corresponding author
E-mail address: dashty.omer@epu.edu.iq
*https://doi.org/10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp113-121*
*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# Social Conditions in Iran under the Safavid Dynasty

**AI usage declaration**
As the author of this research, I responsibly declare that the entire content, ideas, and analyses within this work are the original product of my own efforts. No Artificial Intelligence (AI) tools were used for the generation or drafting of this text.

**Author contribution**
The author has solely undertaken all aspects of this research, including conceptualization, historical data collection, drafting, and final revision. No external parties contributed to the preparation of this work.

**Ethics information**
Since this study is a historical and theoretical analysis and did not involve experiments on human or animal subjects, formal ethics approval was not required for this research.

**Data availability statement**
All historical sources and documents supporting the findings of this study are cited in the references. Detailed data are available from the corresponding author upon reasonable request.

**Funding information**
This research was conducted independently, and no specific funding or financial support was received from any government or private agency for this work.

**Conflict of interest**
The author declares that there are no personal, financial, or political conflicts of interest that could inappropriately influence or bias the findings of this research.

**Acknowledgements**
I would like to express my gratitude to all the academic resources and centers that provided information regarding the "Social Conditions in Iran under the Safavid Dynasty," which contributed to the enrichment of this study. Specifically, I would like to thank the Library of the College of Arts, the Central Library, and the Zaituna Library.

**Original article?**
Original article.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوی

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە باس لە پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی دەکات لە ڕووی نەتەوەیی، ئایینی و چینایەتییەوە. توێژینەوەکە دەری دەخات کە کۆمەڵگەی سەفەوی لە تێکەڵەیەکی نەتەوەیی وەک فارس، تورکمان (قزڵباش)، کورد، عەرەب و کەمایەتییەکانی وەک ئەرمەن و جولەکە پێکهاتبوو. جگە لە ناساندنی حەوت هۆزە سەرەکییەکەی قزڵباش، باس لە دابەشکارییە چینایەتییەکان (دەسەڵاتداران، چینی ناوەڕاست و جووتیاران) دەکات. لە تەوەرێکی تریدا، توێژینەوەکە وردەکاری ژیانی کولتووری وەک شێوازی جلوبەرگ، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری، جۆرەکانی خواردن و یارییە باوەکان دەخاتە ڕوو. مێتۆدی وەسفی-مێژوویی بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان .
**کلیلە وشەکان :**دەوڵەتی سەفەوی، قزڵباش، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دابونەریت، ئیسماعیلی سەفەوی.

### پێشەکی
دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٣٦) بە یەکێک لە گرنگترین وەرچەرخانە مێژووییەکانی ناوچەکە و ئێران دادەنرێت، نەک تەنها لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی پێکهاتەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا. کۆمەڵگەی سەفەوی تابلۆیەکی ڕەنگ جیاواز بوو لە نەتەوە، ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان کە لە ژێر چەتری دەسەڵاتێکی ناوەندیدا کۆببوونەوە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر فرەچەشنی پێکهاتەکان لە (تاجیک، قزڵباش، کورد، عەرەب، گورجی و ئەرمەن) و چۆنیەتی دابەشبوونیان بەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها باس لە وردەکارییەکانی ژیانی پێکهاتەکان دەکات، لە ڕووی بیناسازی لە شار و گوندەکانەوە تا دەگاتە دابونەریت، جلوبەرگ و بۆنە و جەژنەکان، کە هەموو ئەمانە پێکەوە ناسنامەی کۆمەڵگەی سەفەوییان لەو سەردەمەدا پێکدەهێنا.
**کێشەی توێژینەوە:** سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی سەفەوی وەک دەوڵەتێکی خاوەن مەزهەبێکی دیاریکراو دەناسرێت، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا لەوەدایە کە چۆن ئەم دەوڵەتە توانیویەتی لەناو ئەو هەموو فرەچەشنییە نەتەوەیی و ئایینییەدا (کورد، فارس، تورکمان، عەرەب، مەسیحی، جولەکە) هاوسەنگی ڕابگرێت؟ هاوکات کاریگەریی ململانێ نەتەوەییەکان بە تایبەت لە نێوان توێژی تاجیک و قزڵباش لەسەر بەڕێوەبردنی دەوڵەت و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە چی بووە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییانە دەدات.
**گرنگیی توێژینەوە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تەنها لە ڕوانگەی سیاسی و سەربازییەوە سەیری مێژووی سەفەوی ناکات، بەڵکو دەچێتە ناو قووڵایی ژیانی خەڵک و پێکهاتە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بە وردی دەناسێنێت، تیشک دەخاتە سەر لایەنە فەرامۆشکراوەکانی وەک جلوبەرگ، خواردن و یارییەکان کە بەشێکی گرنگی ناسنامەی کولتوورین، کە ئەمانەش دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی ململانێ و پێکەوەژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.
**ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی سەرەکی دەپێکێت وەکو دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی نەتەوە جیاوازەکان بە تایبەت (قزڵباش، کورد) لە ناو دەوڵەتدا، شیکردنەوەی هەرەمی چینایەتی کۆمەڵگە لە شا-وە تا دەگاتە چینی جووتیار و هەژارەکان، خستنەڕووی جیاوازییەکانی شێوازی ژیان لە نێوان شارنشین و گوندنشینەکاندا، تیشک خستنە سەر دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هاوسەرگیری و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان.
**میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە:** لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا، پشتبەستراوە بە میتۆدی وەسفی-شیکاری لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان و گەشتنامەی گەڕیدە بیانییەکان، هەوڵدراوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بکێشرێت و پاشان شیکردنەوە بۆ پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بکرێت.
**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە لە پێشەکی وچوار تەوەرەی سەرەکی پێک هاتووە، تەوەرەی یەکەم باس لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی نەتەوەو ئایین دەکات، تەوەرەی دووەم پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی چینەکان لە خۆی دەگرێ، تەوەری سێیەم ئاماژە بە پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی شارو گوندەکان دەکات، تەوەری کۆتایش تایبەتە بە دابونەریت و کەلتوری کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی .
**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** لە ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگیراوە، لە گرنگترینیان پەرتووکی (انقراض سلسلة صفويه) ی (لارنس لاکهارت) کە باس لە هۆزەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەکات، لە پاڵ چەندین پەرتووکی گەشتیارەکان وەکو (سەفەرنامەی شاردن) ی (ژان شاردن) و (سەفەرنامەی اولئاریوس) ی (ادم اولئاریوس) و (سفرنامه تاورنيه)ی (ژان پاتیست تاورنيه) کە باس لە کەلتور و جلوبەرگی دانیشتوانی کۆمەڵگای ئەم سەردەم دەکەن، هەروەها (تشكيل دولت صفوى وتعميم مذهب تشيع دوازده امامي به عنوان تنها مذهب رسمى) ی (محمد كريم يوسف جمالى) کە باس لە مەزهەبی شیعە وەکو مەزهەبی فەرمی دەوڵەت دەکات، پەرتووکی (تاريخ العلاقات العثمانية الإيرانية الحرب والسلام بين العثمانيين و الصفويين) ی (عباس إسماعيل صباغ)یش پەرتوکێکی ترە کە سوودمان لێ بینیوە لە باسکردنی جۆرەکانی خواردن و بۆنە ئایینیەکان .

### تەوەرەی یەکەم/ پێکهاتەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی نەتەوە و ئایین:
کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی نموونەیەکی دەگمەنی فرەچەشنی نەتەوەیی و ئایینی بوو، کە تێیدا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای خوێن و ڕەچەڵەک نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی یەکگرتوودا کۆکرابوونەوە، ئەم پێکهاتەیە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان جەمسەرە جیاوازەکان دارڕێژابوو بەم شێوەیە:

١- تاجیک و قزلباش: بناغەی دەوڵەتەکە لەسەر دوو پێکهاتەی سەرەکی ڕاوەستابوو (الوائلی، ٢٠٠٧: ١٨٨)، تاجیک (فارس) نوێنەرایەتی لایەنی شارستانی و کارگێڕییان دەکرد (بشیر، ١٣٩١: ٢٥٧)، ئەمانە بەهۆی شارەزاییان لە بواری ئابووری و دیوانسالاریدا، جومگە داراییەکانی دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد و زمانی فارسییان وەک زمانی فەرمیی نووسین و دیپلۆماسی چەسپاند (الوائلی، ٢٠٠٧: ١٩٦) . لە بەرامبەردا قزلباش (تورک) باڵی سەربازیی دەوڵەت بوون، ئەم پێکهاتەیە لە حەوت هۆزی سەرەکی (ڕۆملۆ، شاملۆ، ئوستاجلۆ، ذولقەدەر، قاجار، تەکەلۆ، ئەفشار) پێکهاتبوو (ناظم بیك، ٢٠٠١: ١٨-٢٢؛ فلسفی، ١٩٨٩: ١٦٥/١؛ نوابی، ١٣٨٤: ٣٠٣)، ڕۆڵی ئەم هۆزانە نیشانی دەدات کە دابەشبوونیان بە شێوازێکی زۆر ستراتیژی بووە، هەندێکیان وەک هۆزی ڕۆملۆ گەورەترین هێزی جەنگاوەر بوون (جمالی، ١٩٩٩: ٧٩؛ سومر، ١٩٩٣: ٥٥)، هەندێکی تریان وەک هۆزی شاملۆ ئەرکی پەروەردەکردنی شاکانیان لەئەستۆ بووە (شیبانی، ١٩٦٨: ٩٨؛ هینتس، ١٩٩٩: ٩٣) . بەشێکی تریش لەم هۆزانە وەکو ئەفشار ئەرکی پاراستنی سنوورەکانیان لە ئەستۆ بووە (رازی، ١٣٩٢: ٣٨٧؛ احمدی، ١٣٦٩: ٤٠-٤١) .

٢- کورد: لە پاڵ تورک و فارس، نەتەوەکانی تر ڕۆڵی تەواوکەریان هەبوو لە پاراستنی قەوارەی دەوڵەتدا، یەکێک لەم نەتەوانە کورد بووە (مینۆرسکی، ١٩٨٧: ١٤-١٥)، وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەن لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوا (ئەردەلان و ئازربایجان) جێگیر بوون (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٤٨١-٤٨٣)،ڕۆڵی ئەوان لە شەڕە مێژووییەکاندا، بە تایبەت لە جەنگی چاڵدێران لە ساڵی (١٥١٤) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەژێر سەرکردایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی (سارۆبیرا)، ئاماژەیە بۆ گرنگیی کورد لە سوپای دەوڵەتی سەفەویدا (الجاف، ٢٠٠٠: ٢٢؛ تەوەحودی، ٢٠٠٦: ٢٣-٢٥) .

٣- بە شێکی دیکە لە پێکهاتەکانی دەوڵەتی سەفەوی نەتەوەکانی قەوقاز و باکوور بوون کە بریتی بوون لە (گورجی، ئەرمەن، لەزگی، قەرەباغ) و سیمایەکی فرە ئایینیان بە دەوڵەتەکە بەخشیبوو (تبریزی، ١٨٨٤: ١٣-١٤)، ئەرمەنەکان بە تایبەت لە جولفای ئەسفەهان ناوەندی بازرگانیی گرنگیان دروست کردبوو (احمدی، ١٩٩١: ١٠١)، هەروەها گورجییەکان وەک هێزێکی نوێی غۆلام دەورێکی کاریگەریان لە هاوسەنگکردنی هێزە هۆزایەتییەکاندا دەگێڕا (روملو، ١٣٨٤: ٢٢٤؛ پاریزی، ١٣٩٢: ١٨٢) .

٤- پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور: (بلوچ، ئەفغان، عەرەب)ەکان بەشێکی تری پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەولەتی سەفەویان پێکدەهێنا (فرای، ١٩٦٩: ٨؛ العزاوی، ١٩٤٩: ٣٥٣/٣)، کە لە ناوچە بیابانی و کەناراوەکاندا نیشتەجێ بوون (الحسینی، ١٩٦٨: ٥٥/٢) .

جگە لەمانە دەوڵەتی سەفەوی توانیبووی سوود لە تایبەتمەندیی چەند هۆزێکی دیکەش وەربگرێت، بۆ نموونە هۆزی (ورساق) لە ویلایەتی قەرەمانەوە هاتبوون و ئەرکی هاندانی سوپایان پێ سپێردرابوو، هەروەها هۆزی (تالش) کە بە شێوازێکی جیاواز و بەبێ زرێ بەشداری جەنگیان دەکرد (الوائلی، ٢٠٠٧: ١٨٦-١٨٧) . تەنانەت کەمینە ئایینییەکانی وەک جوولەکەکان لە گەڕەکی (جوبارە)ی ئەسفەهان بەشێکی کارای کۆمەڵگەی ئەم دەوڵەتە بوون (تبریزی، ١٨٨٤: ١٣) .

هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ چەند هۆزێکی تر کە هەریەکیان بە زمانی تایبەتی خۆیان قسەیان دەکرد تێکەڵیەکی زمان و کەلتووری دروستکردبوو کە کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕی و بوژانەوەی بازرگانی هەبووە و پردی پەیوەندی بوونە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری سنووری دەوڵەتی سەفەوی وەکو هۆزەکانی (غەلزائی ،ئەبدالی) لە ڕۆژهەڵاتی ئێران (خاوری، ١٣٨٢: ١٧٩؛ Gleave,2005: 427)، هەروەها هۆزەکانی (قیتاق ،قەرەباغ ،ساری قەمیش) لە ناوچەکانی ئەنازۆل و تەبەرستان و ئازربایجان (جمالی، ١٩٩٩: ٨٦-٨٨) .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمدا (١٥٠١-١٧٣٦)، تەنها گۆڕانکارییەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بوو لە نەخشەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا، ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای فەرهەنگی فرەنەتەوەیی دامەزرا، کە تێیدا ناسنامە جیاوازەکان لەژێر چەتری مەزهەب و دەسەڵاتی شادا یەکیان گرتبوو .

گرنگیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەفەوی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم دەوڵەتە نەتەوەیەکی نەکردە قوربانی بۆ نەتەوەیەکی دیکە، بەڵکو سیستەمێکی دابەشکردنی ئەرکەکانی پەیڕەو کرد، لە کاتێکدا عەرەب و کورد و تورکمان و فارس و نەتەوەکانی قەوقاز لە یەک چوارچێوەدا دەژیان، هەر یەکەیان بڕبڕەی پشتێکی دەوڵەتەکەیان پێکدەهێنا . جگە لەوەی لە ڕێگەی تێکەڵکردنی مەزهەبی شیعە و سیستەمی هۆزایەتی توانیبووی ناسنامەیەکی نوێ بۆ ئەم نەتەوە جیاوازانە دروست بکات، هەرچەندە ململانێی سیاسی لە نێوان توێژەکاندا هەبووە بە تایبەتی ململانێی نێوان تاجیک و قزلباش، بەڵام ئەم فرەچەشنییە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکە بتوانێت بۆ ماوەی دوو سەدە و نیو وەک هێزێکی گەورەی ناوچەیی بمێنێتەوە .

**تەوەرەی دووەم/ پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی چینەکان**

١- چینی دەســەڵاتداران: لە ســیستەمی سیاسی دەوڵەتی ســەفەویدا، کۆمەڵگە لەســەر بنەمایەکی هەرەمی بەهێز ڕێکخرابوو، کە تیایدا چینی دەســەڵاتداران نەک تەنها وەکو بەهێزی بەڵکو وەک خاوەنی ڕەهای وڵات و نیشــتمان دەردەکەوتن، لە لوتکەی ئەم هەرەمەدا (شــا) وەکو چەقی بڕیار جێگیر بوو، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی تیۆری حوکمی ڕەها بوو لەم ســەردەمەدا (نوذری، ١٣٩٣: ٢٩١) . شــا لە ســەردەمی دەولەتی ســەفەویدا تەنها فەرمانڕەوای سیاسی نەبوو، شا وەک جێنشین و نوێنەری خودا لەســەر زەوی وێنا دەکرا، ئەم پیرۆزکردنە وایکردبووکە هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنە بگرێت یان ســەرپێچی فەرمانەکانی بکات، چونکە یاخیبوون لێی وەک یاخیبوون لە توانا و ئیرادەی خودا هەژماردەکرا (کمپر، ١٣٥٠: ١٢٤؛ جومعە، ٢٠١٥: ١٣٥) . جگە لەوە بڕیــاردان لە جەنــگ و واژووکردنی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکــان و بەســتنی هاوپەیمانەتییەکان تەنها لە ژێر دەســتی ئەواندا بوو (ســەیڤۆری، ٢٠١٩: ٢٦٩) . هەر لە ژێر سایەی دەســەڵاتی ڕەهای شــا دا پۆســتی وەزیر یاخود (ئیعتماد ئەلدەولە) وەک بەرزترین پلەی کارگێڕی دەردەکەوت، وەزیر وەک ڕاوێژکاری باڵای شـــا لەم ســـەردەمەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی دەوڵەت و ســەرۆکایەتیکردنی دیوانی باڵای لە ئەســتۆ بوو، هەروەها وەک کەسی یەکەم لە نێو گەورە پیاوانی وڵات ســەیر دەکرا و پردی پەیوەندی نێوان شــا و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت بوو (ســمیعا، ١٣٣٤: ٥)، ئەم پێگەیەش پێویســتی بە لێهاتوویەکی زۆری

کارگێڕی و سیاسی هەبوو، چونکە دەبوو هاوسەنگی لە نێوان ویستەکانی شا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت رابگرێت، بۆیە زۆرجار لە چینە خوێندەوار و بیرۆکراتەکان هەڵدەبژێردران (کمپفر، ۱۳٥۰: ۱۲٤؛ سەیفۆری، ۲۰۱۹: ۲٦۹) .
سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتی سەفەوی تەنها لە شا و وەزیر پێکنەدەهات، بەڵکو پشت ئەستوور بوو بە دوو چینی کاریگەر، ئەوانیش رۆحانییەکان (پیاوانی ئایینی) کە پارێزەری شەرعییەتی ئایینی دەوڵەت بوون و رۆڵێکی گرنگیان لە ئاراستەکردنی بیروباوەڕی گشتیدا هەبوو، هاوکات جگە لە رۆڵی ئایینی لە رووی دادوەری و پەروەردەیشدا دەستیان بەسەر کۆمەڵگەدا گرتبوو . چینەکی دیکە چینی خانەدانەکان و دەرەبەگەکان بوون، کە ئەمانەش خاوەنی زەوی و هێزی سەربازی بوون، پەیوەندی نێوان ئەم چینە لەگەڵ شا دا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بوو، بە جۆرێک ئەوانە وەک پشتێنەکی پارێزەری دەسەڵاتی ناوەندی کاریان دەکرد و پارێزگاریان لە سنوورەکان دەکرد، لە بەرامبەریشدا دەستکەوتی ئابووری و سیاسی گەورەیان وەردەگرت (John, 1815: 482؛ سەیفۆری، ۲۰۱۹: ۲٦۹) .
۲- چینی ناوەڕاست: چینی ناوەراست لە دەوڵەتی سەفەویدا بڕبڕە و پشتی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارەکان بوون، ئەم چینە لە زانایان و بازرگانان و پیشەوەران پێکهاتبوو، کە بە هۆی بەرژەوەندی هاوبەش و پەیوەندییە فەرمییەکانیان لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتدا پێگەیەکی سەقامگیریان هەبوو (نوذری، ۱۳۹۳: ۲۹۱) . پیشەوەران لەم سەردەمەدا لە چوارچێوەی یەکێتییە پیشەییەکاندا رێکخرابوون، تایبەتمەندی ئەم چینە ئەوەبوو کە پیشەکانیان سیفەتێکی بۆماوەیی وەرگرتبوو، ئەمەش وایکردبوو کە شارەزایی و نهێنییەکانی هەر پیشەیەک لە نێوان خێزانەکاندا بمێنێتەوە و جۆرێک سەقامگیری ئابووری دروست بکات، هەر بە پێی سیستەمی سیاسی ئەوکاتەی دەوڵەتی سەفەوی،رێگە بەم چینە درابوو کە نوێنەری تایبەتی خۆیان هەبێت لە هەر شار و شارۆچکەیەکدا، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکەش لەسەر بنەمای هەندێک پێوەری رەوشتی و پیشەیی لە لایەن خودی پیشەوەرانەوە هەڵدەبژێردرا، بەڵام بۆ دەستبەکاربوونی پێویستی بە رەزامەندی رەهای شا هەبوو، جگە لەوە ئەم نوێنەرانە خاوەنی جۆرێک لە پارێزبەندی بوون و بە هیچ شێوەیەک لە پۆستەکانیان لانەدەبران، تەنها لە بارودۆخێکدا کە سکاڵایەکی یاسایی لە سەریان سەلمێنرا بووایە، ئەمەش نیشاندەری جۆرێک لە سەربەخۆیی کارگێڕییە لە نێو جومگەکانی چینی ناوەڕاستدا (نوذری، ۱۳۹۳: ۲۹۱) .
۳- چینی خواروو: ئەم چینە فراوانترین بەشی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەویان پێکدەهێنا، کە بریتی بوون لە جووتیاران و کرێکاران و هەژاران، کە سەرەڕای سەختییەکانی ژیان ئەم چینە بە یەکێتی و تەبایی کۆمەڵایەتی بە هێز بەیەکەوە بەسترابوونەوە، سەرچاوەی بژێوی ئەم چینە بە پلەی یەکەم پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەست، بەشێکی گرنگی ئەم هێزی کارە لە (بیوت خاصە – ماڵە تایبەتەکان) کاریان دەکرد، کە کارگەی تایبەت بوون بە بەرهەم هێنانی پێداویستییەکانی کۆشک و دەوڵەت، ئەم چینە راستەوخۆ لە ژێر چاودێری شا و دارودەستەکەیدا بوون، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەوڵەت چۆن هێزی کاری چینی خوارووی بۆ بەرژەوەندی ناوەندی بە کارهێناوە (صفا کیش، ۱۳۹۰: ٤٥۹) . لە رووی کارگێڕییەوە چینی خواروو لە گوندەکان لە ژێر فەرمانی (کوێخا)دا بوون کە وەک سەرۆکی گوند و نێوەندگیر لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کاری دەکرد، لە شارەکانیشدا لە ژێر چاودێری راستەوخۆی سەرۆکی شارەوانی (محتسب – داروغە) بوون، کوێخاکان و جێبەجێکارانی یاسا ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی ـ گشتی و جێبەجێکردنی بڕیارە دادوەرییەکان بوو کە ئەمەش جۆرێک لە چاودێری توندی دەوڵەت بەسەر چینی خواروو دەسەلمێنێت (سەیفۆری، ۲۰۱۹: ۲٦۹) .
لێرەدا دەبینین کە دەوڵەتی سەفەوی سیستەمێکی پلەبەندی توندی پەیڕەو کردووە، چینی ناوەڕاست وەک پارێزەری ئابووری شار و چینی خواروو وەک بزوێنەری کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ کراوە . بوونی نوێنەر بۆ پیشەوەران و کوێخا بۆ گوندنشینان ئامرازێک بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بتوانێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی ئەم چینە فراوانانە بکات و رێگری لە هەموو جۆرە یاخیبوونێکی جەماوەری بگرێت .

**تەوەری سێیەم/ پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە رووی شار و گوندەکان**

لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا ئێران چەندین ناوەندی شاری گەورەی بە خۆیەوە بینیبوو، وەکو شارەکانی (تەورێز، مەراغە، سوڵتانیە، قەزوین، مەشهەد، شیراز، ئەسفەهان، تەهران، کرمان، یەزد)، گەشەی ئەم شارانە رێکەوت نەبوو، بەڵکو ستراتیژیەتێکی سیاسی و ئابووری لە پشت بوو، بە شێوەیەک زۆربەی شارە گەورەکان لەسەر رێگای کاروانە بازرگانییە نێو دەوڵەتییەکان بونیاد نرابوون، بیناسازی شارەکان نیشاندەری خۆشگوزەرانی چینی دەسەڵاتدار و ناوەڕاست بوو، خانووەکان لە شارەکان لە بەردی پتە و دروست دەکران و بە نەخش و نیگاری هونەری دەڕازێنرانەوە، بۆ نمونە شاری ئەسفەهان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا (۱٥۷۱-۱٦۲۹) بووە نمونەی مۆدێلێکی جیهانی بۆ شارنشینی، گرنگیدان بە دەرگا و پەنجەرەی ئاسنین و ئەستوونی گەورە لە بیناکاندا ئاماژە بوو بۆ سەقامگیری ئاسایش و هەژموونی دەوڵەت (صفا کیش، ۱۳۹۰: ٥۱۸) .
لەم سەردەمەدا شارەکان ناوەندی پیشەسازییە ووردەکان بوون، وەک رستن و چنین و دروست کردنی جلوبەرگ و دروست کردنی کەلوپەلی خواردن و میوە فرۆشتن و بۆن فرۆشتن و نانەوایی و حەمامچی و گلێنەسازی و کانزاکاری، ئەم جۆراوجۆریە لە پیشەکاندا نیشانەی گەشەی بازاڕ و پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەر بوو لە ناو شارەکاندا (مانتران، ۱۹۹۳: ۱/۱۷۸؛ سەیفۆری، ۲۰۱۹: ۲۱٤-۲۲٦) .
بە پێچەوانەی شارەکان، گوندەکان وێنایەکی سادەتر و پشتبەستوو بە سروشتیان هەبوو، خانووەکان بە قوڕ و دار دروست دەکران، کە ئەمەش نەک تەنها بە هۆی هەژاری، بەڵکو گونجان بوو لەگەڵ کەش و هەوادا، خانووەکان لە گوندەکان لەسەر بنەمای تەکنیکی بیناسازی ژینگەیی دروست دەکران، دروستکردنی خاووەکان کە پشتیان لە رۆژهەڵات بووە بۆ کەمکردنەوەی گەرمای هاوین بووە، کە ئەمەش نیشانەی ئەزموونی جووتیارەکان نیشان دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی ناوچەکەدا (شاردن، ۱۳۳٥: ۲/۳٤۱)،خانووی گوندەکان هەندێکیان لە ناوچە شاخاویەکان و هەندێکیشیان لە ناوچە دەشتاییەکان دروست کرابوون (ولبر،۱۹۸٥، ۱۱۰)
گوندەکان بزوێنەری سەرەکی ئابووری دەوڵەت بوون، لە رێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، چونکە وەک سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی

دانیشـتوانی شـارەکان بوون، بۆ نمونە لە ناردنی گەنم و جۆ و گۆشـت و میوە بۆ دانیشـتوانی شـارە گەورەکانی وەکو ئەسـفەهان و تەورێز، لە بەرامبەریشـدا کەلوپەلی سـەرەکی کشـتوکاڵی و جلوبەرگیان لە شـارەکان دەسـتدەکەوت، سـەرەڕای بوونی شـارە گەورەکان کۆمەڵگای دەوڵەتی سەفەوی وەک کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دەرەبەگی مابووەوە، چونکە داهاتی سەرەکی دەوڵەت لە باجی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە دابین دەکرا (صـباغ، ١٩٩٩: ٢٢٦) . زۆرجار دەرەبەگ و خانەدانەکان لە شـارە گەورەکاندا نیشـتەجێبووینە و سـەرچاوەی دەسـەڵات و سـامانیان لە گوندەکانەوە بووە، کە ئەمەش وایکردبوو پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان ناوەندی بڕیار لە شـارەکان و هێزی کار لە گوندەکان دروسـت بێت (لاکهارت، ١٣٨٣: ١١) .

سـەبارەت بە ژمارەی دانیشـتوانیش لەم سـەردەمەدا، دیاریکردنی ژمارەی دانیشـتوانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سـەفەوی لەم سـەردەمەدا ئالۆزە و کارێکی ئاسان نیە، بەڵام سەرچاوەکان دەریدەخەن کە کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕانکاری و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان .

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی سـەفەوی ڕاگواسـتنی بە کۆمەڵی خەڵک بووە، کە ئەمەش لە دوو ڕێگەوە ئەنجام دراوە، یەکەمیان لە ڕێگەی دیلە جەنگییەکانەوە کە لە ئەنجامی هەڵمەتە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی سـەفەوی خەڵکێکی زۆر وەک دیل دەهێنران و لە ناوچە ستراتیژییەکان نیشتەجێ دەکران (صباغ، ١٩٩٩: ١١٤؛ جومعة، ٢٠١٥: ١٠٩-١١٥)، بۆ نمونە شا عەباسی یەکەم بە سیاسەتێک هەزاران ئەرمەنی لە ناوچە سـنوورییەکان بۆ شـاری ئەسـفەهان گواسـتەوە و زەویەکی فراوانی لە کەنارەکانی ڕووباری (زایەندە ڕوود) پێدان و گەرەکی تایبەت بە خۆیانی بۆ دروستکردن و ناوی نا گەڕەکی (جولفا)، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادییەکی تەواوی پێدان لە ڕووی بیروباوەڕ و ئایینەوە تاوەکو هەسـت بە ئارامی بکەن، ئەم گواسـتنەوەیەش تەنها گواسـتنەوەیەکی سـادە نەبوو، بەڵکو شـا دەیویسـت لەم ڕێگەیەوە سـوود لە شـارەزایی بازرگانی ئەرمەنەکان وەربگرێت بۆ گەشەپێدانی بازرگانی ئاوریشم لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا، کە نیشـانەی ژێری سیاسـەتی شا نیشـان دەدات بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات (أصفهانی، ١٣٨٤: ٢٥٢-دواتر) .

دووەمیان لە ڕێگەی کۆچکردنی سـیاسی مەزهەبی کە بە هۆی هێرشـەکانی دەوڵەتی عوسـمانی (١٢٩٩-١٩٢٢) زۆرێک لە دانیشـتوانی ناوچە سـنوورییەکان یاخود لایەنگرانی مەزهەبی شیعە ڕوویان لەم شوێنانە دەکرد کە لە ژێر دەسـەڵات و قەڵەمڕەوی دەوڵەتی سـەفەویدا بوون، کە ئەمەش ژمارەی دانیشتوانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد (زەگی بەگ، ٢٠٠٦: ٢٦٣-دواتر) .

هۆکارێکی دیکەی گۆڕانکاری و زۆربوونی ژمارەی دانیشـــتوانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی ســـەفەوی بۆ هەمەجۆری نەتەوەیی و ئایینی دەگەڕێتەوە، چونکە گرنگیدانی دەوڵەتی سـەفەوی بە ڕێگا و بان و پاراسـتن و ئاسـایشی- بازرگانی وایکردبوو کە ئێران ببێتە جێگەی سـەرنجی بیانییەکان، بە شـێوەیەک لە شـارە گەورەکاندا پێکهاتەی جیاوازی وەک یەهودی و مەسـیحی و هیندی و ئەوروپی هەبوون، هندییەکان زۆر جار کاری پارە گۆڕینەوەیان ئەنجام دەدا و ئەوروپییەکان کە زۆربەیان لە لایەنەکانی هونەر و پزیشـــکی و بازرگانیدا چالاک بوون و کاریان دەکرد، تەنانەت هەندێکیان وەک ڕاوێژکار لە کۆشـــکی شـــادا دەبینران (فرانســـوای، ١٣٤٦: ٣١٢؛ أصـــفهانی، ١٣٨٤: ٢٥٢-دواتر) . ئەمەش وایکردبوو کە کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی ببێتە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵ لە زمان و کەلتووری جیاواز .

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لەم سەردەمەدا، بە پێی ئاماژەی سەرچاوە مێژووییەکان و گەشتنامەی گەڕۆکە ئەوروپییەکان، ژمارەی دانیشـتوانی دەوڵەتی سـەفەوی لە کۆتاییەکانی سـەدەی حەڤدە و سـەرەتای سـەدەی هەژدەدا لە نێوان (٨ - ١٠) ملیۆن کەس خەملێنراوە، کە ئەم ژمارەیە خۆی لە خۆیدا نیشاندەری هێزی مرۆیی و توانای سەربازی و ئابووری دەوڵەت لە ناوچەکە نیشان دەدات (لاکهارت، ١٣٨٣: ١١) .

**تەوەری چوارەم/ دابونەریت و کەلتوری کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی**

کەلتووری دەوڵەتی ســـەفەوی ئاوێنەی تێکەڵبوونی بەها ئایینییەکان و ڕەســـەنایەتی ئێران و کاریگەرییەکانی دەورووبەر بوو، کە خۆی لە چەند ڕەهەندێکی جیاواز دەبینییەوە:

١- جلوبەرگ: پۆشـاک و جلوبەرگ لەم سـەردەمدا تەنها بۆ داپۆشـینی جەسـتە نەبووە، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ ناسینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی تاکەکان .

پیاوان لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی جلوبەرگێکیان دەپۆشی کە لە کراسێکی درێژ پێکهاتبوو کە لە پێشەوە دادەخرا و ناوەڕاستی بە قوماشێک یاخود پێستەیەک دەبەسـترا، کە ئەگەر لە پیسـتە بوایە پێیان دەگووت (کەمەربەند)، ئەگەر لە قوماش بوایە پێیان دەووت (شـاڵ)، لەسـەر کراســـەکە بەرگێکی تریان دەپۆشی کە پێی دەگووترا (نیم تنە) (غیبی،١٣٩١،٤٣٢)، بەڵام ئەگەر کراســـەکە کورت بوایە شـــتێکیان لە ژێرەوە دەپۆشی کە پێی دەگوترا (شـــەروال)، هەروەها هەندێ کات بۆ جیاوازی نێوان چینەکان جامانەیەکی ســـپی کە خەتی ڕەنگاوڕەنگی تێدابوو لەسەریان دەکرد (صباغ،١٩٩٩،٢٤٣) .

لەگەڵ ئەمانەشدا لە ناو بنەماڵەی شا دا، شازادەکان خەنجەریان لەسەر جلوبەرگیان دەبەست، کە ئەمە وەک هێمایەک بووە بۆ دەسەڵات و پاراستن و وەک پێگەی باڵای نێو خێزانەکە سەیر کراوە (شاردن، ١٣٣٥، ٢/ ٨٠٤؛ قوجق، مهرپویا، ١٣٩٦: ١١١-١١٦) .

پۆشاکی بنەڕەتی ئافرەتانیش لە کراسێکی تایبەت پێکدەهات کە لە بەشی پێشەوە تا کەمەر کراوە بووە (صباغ، ١٩٩٩: ٢٤٣)، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم کراسانە لە قۆڵەکانیدا بووە، کە بە شـێوەیەکی چەسـپاو بە باڵ و مەچەکەوە دەسـتپێدەکات و تا پشـتی دەسـت درێژ دەبێتەوە (شاردن، ١٣٣٥: ٢/ ٨٠٤)، لەگەڵ کراسەکەدا، هێلەکێکی کورت دەپۆشرا کە بە شێوازێکی زێرچنین نەخشێنرابوو و لە پێستی سمۆرە دروست دەکرا، ئەم پارچە پۆشـــاکە بەپێی وەرزەکان گۆڕانکاری بەســـەردا دەهات، لە زســـتاناندا بە قۆڵدار و لە هاویناندا بە بێ قۆڵ بەکار دەهات، ئەمەش نیشانەی گونجاندنی پۆشاکە لەگەڵ کەشوهەوادا بووە (تاورنیە، ١٣٦٣: ٤١٥-٤٢٢).

هەروەها ئافرەتان گرنگییەکی زۆریان بە ڕازاندنەوەی ناوکەمەریان داوە، پشتێندێکیان دەبەست کە پانییەکەی چوار پەنجە بووە و بە تەواوی بە زێڕ دادەپۆشرا، ئەوەی جێی ســـەرنجە لایەنی هونەریی پشـــتێندەکەیە، کە زۆرجار بە هەڵکۆڵین و لکاندنی گەوهەری بەنرخ وەک یاقوت و

مرواری زیاتر دەڕازێنرایەوە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات پۆشـاک وەک جۆرێک لە نمایشـکردنی سـەرمایە و هونەری بەکار هاتووە (تاورنیە، ١٣٦٣: ٤١٥-٤٢٢) .

سـەرپۆشی ئافرەتانیش کە بەشـێکی گرنگی جلوبەرگی پێکهێناوە،لەم قۆناغەدا تەنها پارچە قوماشـێک نەبووە، بەڵکو خاوەنی بەهایەکی باڵای ئایینی و کۆمەڵایەتی بووە، بەکارهێنانی حەوت جۆری جیاواز لە سەرپۆش  (چادر، مقنعە، روسری، روبند، دستمال سێگۆش، پیشانی بەند، کلاە) ئاماژەیە بۆ هەمەجۆریی شێوازەکانی داپۆشین و جیاوازیی بۆنەکان (شاردن، ١٣٣٥: ٨٠٥؛ اولئاریوس، ١٣٦٩: ٦٤٤؛ دلاوالە، ١٣٧٠: ١٤٧؛ مهرابادی، ١٣٨٤: ١٢٥) .

هەروەها ئافرەتان نێوچەوانیان بە پارچە قوماشێکی سێ پەنجەیی ڕازاوە بە یاقوت و مرواری دادەپۆشت، لەسەر ئەم پۆشاکانەشەوە کڵاوێکی تایبەتیان دادەنا کە لێوارەکانی بە زێڕ و شاڵێکی گوڵچنین دەڕازێنرایەوە، کە بەشێکی شاڵەکە لە پشتەوە تا کەمەریان شۆڕ دەبووەوە، ئەمەش سـیمایەکی شـکۆداری بە ئافرەتان دەبەخشی- (سـانسـۆن، ١٣٤٦: ١٢٢)، لە خوارەوەش قاچەکانیان بە نیوچەکمە تا سـەرەوەی گۆزینگ دادەپۆشران، کە یان بەرهەمی کاری دەسـتی ناوخۆیی بوون یان لە قوماشـە چنراوە گرانبەهاکان دروسـت دەکران، جگە لەوە لە کاتی سـووڕی مانگانەدا نەریتێک لە نێویان باوبووە، بەجۆرێک لە لەم کاتانەدا ئافرەتان قوماشـێکی ڕەشـیان دەپۆشی، ئەمەش نیشـانەی جیاکردنەوەی بـارودۆخی بـایۆلۆژی و ئـایینی بووە لە ڕێگەی ڕەنگی جلوبەرگەوە (تـاورنیـە، ١٣٦٣: ٤١٥-٤٢٢) . هەروەک بەشـێکی تری رازانـدنەوەیـان ئافرەتەکان ملوانکەی مروارییان لە مل دەکرد، کە گوزارشت لە دەوڵەمەندی و گرنگیدان بە جوانی دەکات (سانسون، ١٣٤٦: ١٢٢).

بەڵام ئەو شـازادە خاتوونانەی کە لە بنەماڵەی پاشـایەتی بوون سـیمای خۆیان بە تەواوی بە سـەرپۆشـێکی ڕەنگی سـپیان دادەپۆشی کە تەنها چاویان دەردەکەوت، کە نیشانەی جیاکاری و پاراستنی تایبەتمەندی ئەندامانی خێزانی شاکان بووە (شاردن، ١٣٣٥، ٨٠٤/٢؛ قوجق، مهرپویا، ١٣٩٦: ١١١-١١٦) .

پێڵاوی  ژنانی ئێرانی لەم سەرمەدا لە گەڵ پێڵاوی پیاوان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە، ڕەنگی پێڵاوەکانیشیان بە تایبەتی سەوز و سور و زەرد یان مۆرە بووە (تاوەرنیە، ١٣٦٣: ٤١٥-٤٢٢)، بەڵام لە وەرزی زسـتاندا بۆ خۆگونجاندن پێڵاوی سـاقدرێژیان لە پێ کردووە کە لێوارەکانی بە شێوەیەکی هونەری دەڕازێنرانەوە (راوندی، ١٣٨٣: ٩٣/٧) .

دەتوانرێت بگوترێت پۆشـاکی ئافرەتان تێکەڵەیەک بووە لە هونەر و ئایین و پێگەی چینایەتی،  هەروەها بەکارهێنانی زێڕ و یاقوت و پێسـتی سـمۆرە ئاماژەیە بۆ بوونی چینێکی دەوڵەمەند و پێشـکەوتنی پیشـەسـازی چنین و زێڕینگەری، هاوکات جۆراوجۆری سـەرپۆشـەکان ڕەهەندە کولتووری و نەریتەکانی کۆمەڵگە بەرەورووی پۆشاک نیشان دەدات .

لە ناو هۆزی قزلباشدا پۆشاک خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی و خێلەکی بووە،ئەوان چەند جۆرە قوماشێکی تایبەتیان بە ناوەکانی (ئەزیامی، کین داچی، کۆماچ) بۆ دروسـتکردنی جلوبەرگ بەکاردەهێنا و دەیانپۆشی،هەروەها بە بەسـتنی شـاڵێکی گەورە لە قەدیان و لەسـەر کردنی عەمامەکانیان دەناسرانەوە کە پێی دەگوترا (تاجی حەیدەری)، کە نیشـانە و هێمای دڵسـۆزیان بوو بۆ ڕێبازی سـەفەوی، بەکارهێنانی قوماشی گرانبەها و لووتەوانە لە لایەن ژنان و کچانیشیان ڕەنگدانەوەی کەلتوورە خێلەکیە ڕەسەنەکەیان بوو (کاتف، ١٣٥٦: ٨٣) .

٣- ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری: سیستەمی هاوسەرگیری لە دەوڵەتی سەفەوی لەسەر بنەمای خێزانی و بەرژەوەندی گەورەکان دارێژرابوو، کە لە پرۆسەی هاوسەرگیری پێشوەختە زیاتر بەدیار دەکەوت، کاتێک مناڵەکانیان لە تەمەنی (٨-٩) ساڵی لە یەکتر مارەدەکرد نیشانەی گرنگیدان بوو بە پەیوەندی خزمایەتی و پاراسـتنی سـامانی خێزانی، هەروەها یەکتر نەبینینی هاوسـەرەکان پێش گواسـتنەوە جەخت لەسـەر داخراوەیی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە بڕیاری باوک دەکاتەوە وەک دەسەڵاتداری ڕەهای خێزان، پرۆسەی ناردنی ئاڵتوون و خواردنیش بەر لە زەماوەندەکە ئەرکێکی ئابووری و کەلتووری بوو کە توانای دارایی کوڕەکەی دەسەلماند (دیناری، ١٣٩٤: ٣٠-٣٢) .

بوونی (کەنیزە)ش لە نێو کۆمەڵگەی ئەوکاتەی دەوڵەتی سـەفەوی ڕەنگدانەوەی یاسـاکانی ئەو سـەردەمە و جیاوازی نێوان کەسـە ئازادەکان و کۆیلەکانی دەردەخست (دیناری، ١٣٩٤: ٣٢) .

٤- خواردن و کات بەسەر بردن: ژەمە خواردنەکان لە سـەردەمی دەوڵەتی سـەفەوی هێمای ناسـنامەی چێشـتخانەی ئێرانی بوو، خواردنەکانی وەکو (پاقلاوە) و (بزلماج) کە لە هەویر دروسـت دەکران، (بۆرەک) کە هەندێک گۆشـت بووە لەناو نانێک دەپێچرایەوە، (سـنبوسـە) بە هەمان شـێوە هەندێک گۆشـت بووە لە ناو نانێکەوە و لە ڕۆنی زەیت سـووردەکرایەوە، (دۆلمەی کەلەم) کە پێکدەهات لە تێکەڵەی برنج و گۆشت، (هەریسە) کە لە پێکهاتەکەی گەنم و گۆشت بوو،  نیشانەی تێکەڵبوونی کەلتووری ئێرانی و تورکی و عەرەبی بوو، ئەم جۆراوجۆرییە دەریدەخات کە کۆمەڵگەی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕووی خۆراکەوە دەوڵەمەند بووە و گرنگییەکی زۆری بە هونەری چێشتلێنان داوە (الأنسی، ١٩٠٠: ١٠٤؛ صباغ، ١٩٩٩: ٢٤٥؛ الایدامی، ٢٠١٩-٢٢: ١٠٤) .

لە دەوڵەتی سـەفەویدا بوونی قاوەخانە و چایخانە تەنها وەک شـوێنی خواردنەوە و کات بەسـەربردن نەبووە، بەڵکو ناوەندێکی ڕۆشـنبیریش بووە، کە ئەدیبان و هۆزانڤانان تێدا کۆدەبوونەوە و گفتوگۆ لەسـەر بابەتی هونەری و مۆسـیقا کراوە (شـفقی، ١٣٨٥: ٣٢٥؛ فلسـفی، ١٩٨٩: ٢٣٥/٢)، جگە لە ژەنینی چەندین ئامێری مۆسـیقای وەک (شـەیپور، کەڕەنا، نەی، عود، چەنگ) (حرب، ٢٠١٢: ١٩٧؛ سـەیڤۆری، ٢٠١٨: ١٤٧)، کە نیشانەیەک بووە بۆ زیندوویەتی ژیانی شارستانی لە شارەکاندا .

یارییەکان و وەرزش بە شـێکی دیکەی کەلتووری کۆمەڵگەی دەوڵەتی سـەفەوییان پێکدەهێنا، یارییەکانی وەکو (بقال بازی)[1] و شـەترەنج نیشانەی زیرەکی و بیرتیژی خەڵکەکە بووە (راوندی، ١٣٨٣: ١٨٨/٧-١٩٠)، زۆرانبازی و تیرهاوێژیش دوو یاری بوونە کە نیشانەی ئامادەکاری و بەهێزی و تەندروستی و لەشساغی بوونە، ئاماژەیەکیش بووە بۆ پاڵەوانان بۆ بەرگری و پاراستنی خاک و نیشتمان (اولئاریوس، ١٣٦٩: ٧٦-٧٧؛ ولبر، ١٩٨٥: ٢٣٣) .

٥- ئاهەنـگ و بۆنەکان: بۆنەکان لە دەوڵەتی سـەفەویدا دوو ڕەهەنـدی هەبووە، ڕەهەنـدی مەزهەبی و ڕەهەنـدی نەتەوەیی، لە ڕووی

مەزهەبییەوە یادی عاشـــورا[٢] و غەدیری خوم[٣] و و دوانزە ئیمامەکان (فقیهی، ١٣٦٥: ٤٦٦؛ فیگوئرا، ١٣٦٤: ٣٠٧)، ببوونە کۆڵەگەی سەرەکی شوناسی دەوڵەت، ئەم بۆنانە کۆمەڵگەیان لە دەوری یەک ئامانجی مەزهەبی کۆدەکردەوە (صباغ، ١٩٩٩: ٢٤٦) . جەژنی نەورۆز[٤] و ئاهەنگەکانی ئاب ڕێزان و (گڵ ڕێزان-جژن گل سرخ)[٥] و چوارشـەممەی سـوور (چهارشـنبه سـوری)[٦] (گورکانی، ١٣٥٩: ١٦٨) و ئاهەنگی خەتەنەکردن[٧] (راوندی، ١٣٨٢: ٢٠٦/٦) و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز (عبد علی، ١٩٨٨: ١١-١٢) . نیشانەی پاراستنی ڕەسەنایەتی ئێرانی بوون لە پاڵ ئایینیدا، ئەم هاوسـەنگییە لە نێوان جەژنی ڕەمەزان و قوربان لەگەڵ نەورۆزدا وایکردبوو کە دەوڵەتی سـەفەوی ببێتە پارێزەری شوناسێکی نوێی ئێرانی شیعی .

تێکەڵکردنی ئایین و نەتەوە کارێکی ژیرانەی دەوڵەتی سـەفەوی بوو، کە بە هۆیەوە کۆمەڵگەکە هەسـتی بە تایبەتمەندیەتی دەکرد، چونکە هۆکارێک بوو لە هەمان کاتتدا دەرفەتێکیش بوو بۆ تێکەڵاوی خەڵک و دەسەڵاتداران، بە تایبەتی دەسەڵاتداران تا ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا بن و هەسـتی دڵسـۆزی جەماوەر بۆ شـا بەهێز بکەن، ئەمە جگە لەوەی لە کاتی ئەم بۆنانە بازاڕ دەبوژایەوە و بازرگانە بیانییەکان سـەرسـام دەبوون بە شکۆمەندی دەوڵەت و جۆرێکیش بوو لە نیشاندانی هێزی دەوڵەت (راوندی، ١٣٨٣: ٢٢١/٧-٢٢٥) .

## دەرئەنجام

پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێرانی سـەردەمی دەوڵەتی سـەفەویدا فرە نەتەوە بووە، زۆرینەی خەڵکەکەی موسـڵمان بوونە بە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوونەوە، لە پاڵ خەڵکانێک سەر بە ئاینزای جیا جیا.

لەم سـەردەمەدا ئێران خاوەنی چەندین شـاری گەورە بووە، کە زۆربەیان لەسـەر ڕێگا بازرگانییەکان بونیاد نرابوون، وە خەڵکەکە بە چەندین پیشە خەریک بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی ئێرانی لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و زۆرینەی خەڵک لە گوندەکان نیشتەجێ بوونە و خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونە .

هەروەها خەڵکەکە داب ونەریت و کەلتوری تایبەت بە خۆیان هەبووە، وابەسـتەی چەندین بۆنەی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی بوونە، سەرەڕای تێکەڵ بوونیان بە کەلتوری نەتەوەکانی تر .

دیمۆگرافیای ئەم کۆمەڵگەیە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، هەرچەندە سەرژمێری و دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوان کارێکی ئاسان نیە، بەڵام هەر کاتێک دەوڵەت بەهێز بووە و لە ئەمن و ئاسایش دابووە سنوری جوگرافی فراوان بووە و ژمارەی دانیشتوانی لە زیادبوون بووە، بە پێچەوانەشەوە .

کۆمەڵگەی ئێران لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی دەرەبەگایەتی بووە لەژێر چەتری پیرۆزی و بەهێزی شایەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا تێکەڵاوی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەبووە، بە تـایبەتیش لەکاتی بۆنە و یـاریەکان و کۆبوونەوە لە شوێنە گشتیەکانی وەکو قاوەخانە و چایخانە و مەیدانە بازرگانی و وەرزشیەکان .

### پەراوێزەکان

(١) بقال بازی: ئەم یاریە وەکو سـێرک وابووە، کەسـێک لە شـوێنێکی بەرزتر لە بەرامبەر خەڵکەکە وەسـتاوە وەک تەختی شـانۆ، بە هەردوو دەستی لە شێوەی بازنەیی میوەکانی بە دوای یەک خولاندۆتەوە (تنگستانی،١٣٩٤، ٥٨) .

(٢) عاشـــورا: ئەم یادە لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی موحەرەم ئەنجام دەدرا، هۆکاری ئەم یادە بۆ شــەهیدکردنی ئیمامی حوســێن لە کەربەلا دەگەڕایەوە، ئەم بۆنەیە گرنگترین بۆنەی سـیاسی ئایینی بووە، لەم ڕۆژەدا شـارەکان ڕەشـپۆش دەکران و شـانۆی مێژوویی ئەنجام دەدران،شـا خۆی لەم بۆنەیەدا بەشـداری دەکرد تاوەکو نیشـان بدات کە خزمەتکاری (اهل البیت)ـــە، کە دەبووە هۆکارێک بۆ بەهێزکردن و ڕاکێشـانی هەست و سۆزی خەڵک بۆ دەوڵەت . (فیگوئرا، ١٣٦٤: ٣٠٧-٣١٠؛ فقیهی، ١٣٦٥: ٤٦٦) .

(٣) غەدیری خوم: هۆکاری ئەم جەژنە نـاســـانـدنی ئیمـام عەلی بوو وەک جێنشـــینی پێغەمبەر درودی خوای لێبێت، ئەم جەژنە بۆ سەفەوییەکان زۆر گرنگ بوو، چونکە شەرعیەتی دەسەڵاتی خۆیان پێدەچەسپاند (کمپفر، ١٣٥٠: ١٨١-١٨٢) .

(٤) جەژنی نەورۆز: گەورەترین جەژنی نەتەوەیی بوو، لە (٢١)ی ئادار و سـەرەتای وەرزی بەهار ئەنجام دەدرا، کە نیشـانەی نوێبوونەوەی سروشـت و دەسـتپێکی سـاڵی نوێی هەتاوی بوو، لەم جەژنەدا شـا لە گۆڕەپانی (نەخشی_ جیهان) ئامادە دەبوو، پێشـوازی لە میوانان و بیانییەکان دەکرد و دیاری بەسەر بەرپرسان و خەڵکدا دابەش دەکرد، هەروەها چەندین جۆری یاری ئەنجام دەدران (نصیری، ١٣٨٩: ١٤٢-١٤٥) . ئەم جەژنە دەبووە نمایشـێکی گەورەی کەلتووری ئێرانی کە هەموو چینەکان لە شا وە تاوەکو هەژاران بە بێ جیاوازی یەکتریان دەبینی .

(٥) ئاب ڕێزان و گل ڕێزان: ئەم دوو جەژنە گوزارشـــتیان لە خۆشی و شـــادی خەڵی ئێران دەکرد بەرامبەر سروشـــت، جەژنی گوڵ لە وەرزی بەهاردا ئەنجام دەدرا، کە تیایدا خەڵک بە کۆمەڵ دەچوونە باخەکان و بە مۆســـیقا و هەڵپەڕکێ پێشـــوازیان لە گوڵ و وەرزی نوێ دەکرد، جەژنی ئـاب ڕێزانیش لە گەرمـای هـاوین ئەنجـام دەدرا بۆ داوای فێنکی و بـاران، مێژووی ئەم دوو بۆنەیە بۆ پێش هـاتنی ئـایینی ئیســـلام دەگەڕایەوە، شـا لەم جەژنە کەلتووریانەدا بە شـێوەیەکی سادەتر دەردەکەوت و لە باخە تایبەتییەکانی وەک باخی (چل سـتوون) پێشـوازی لە هۆزانڤان و هونەرمەندان دەکرد، لەم جەژنەدا خەڵک ئاویان بەسەر یەکدا دەرشت و گوڵیان پێشکەش یەکتر دەکرد (تاورنیە، ١٣٦٣: ٤١٢-٤١٤؛ راوندی، ١٣٨٣: ٣٢٠) . ئەم دوو جەژنە زیاتر پاراستنی داب و نەریتی ئێرانی بوون و پشـوویەکی ڕۆحی و دەروونی دەبەخشیە خەڵکەکە .

(٦) چوارشــەممەی ســوور: ئەم بۆنەیە لە دواین شـــەوی چوارشـــەممەی ســاڵدا ئەنجام دەدرا، مێژوویەکەی پەیوەســتە بە پیرۆزی ئاگر لە کەلتووری کۆنی ئێراندا وەک هێمایەک بۆ سووتاندنی خراپەکان، لەم شەوەدا خەڵک لە کۆڵانەکاندا ئاگریان دەکردەوە و بەسەردا بازیان دەدا، هەرچەندە لەم بۆنەیەدا شـا بە فەرمی ئامادە نەدەبوو، بەڵام دەوڵەت ڕێگەی بە ئەنجامدانی دەدا و کۆشـکیش بە ڕووناکی دەڕازێنرایەوە، هەر

له بۆنەکەدا خەڵک هاواریان دەکرد (زەردیی من بۆ تۆ و سووری تۆ بۆ من)، کە ئاماژە بوو بۆ گۆڕینی نەخۆشی و خەم بە تەندروستی و خۆشی (فلسفی، ١٦٣٩: ٣/ ٨٥٠-٨٥٢) .

(٧) خەتەنەکردن: بریتی بوو لە ئاهەنگی خەتەنەکردنی شـــازادەکان و منـداڵانی خێزانە دەســـترۆیشـــتووەکان، یەکێـک بوو لەو بۆنە کۆمەڵایەتییانەی کە بە شکۆیەکی شاهانە بەڕێوەدەچوو، مێژووی ئەم بۆنەیە وەک نەریتێکی ئایینی و نەتەوەیی جێگیر بوو، کاتێک یەکێک لە شازادەکان خەتەنە دەکرا، شا فەرمانی دەدا کە شار بۆ چەند ڕۆژێک بڕازێندرێتەوە و چراخان بکرێت، ئامادەبوونی شا لەم بۆنەیەدا زۆر گرنگ بوو، چونکە نیشاندانی تەندروستی بنەماڵەی پادشایەتی بوو، لەم بۆنەیەدا کاردانەوەی خەڵک بریتی بوو لە ئاهەنگگێڕان لە گۆڕەپانەکاندا، زۆر جاریش شا بڕیارێکی دەردەکرد کە لەم ڕۆژەدا هەموو منداڵانی هەژارانیش لەسەر ئەستۆی دەوڵەت خەتەنە بکرێن (راوندی،١٣٨٢: ٦/ ٢٠٦) .

**لیستی سەرچاوەکان**


1. أحمدي، مريم مير (١٣٦٩)، دين ودولت در عصر صفوی، چاپ دوم، تهران، انتشارات أمير كبير .
2. اصفهانی، حسین غزالی (١٣٨٤)، اصفهان در یک نگاه، اصفهان، مرکز تحقیقات رایانه .
3. الأنسي، محمد علي (١٩٠٠)، الدراري اللامعات في منتخبات اللغات، بيروت، مطبعة جريدة .
4. اولئاریوس، ادم (١٣٦٩)، سفرنامه ادم اولئاریوس، جلد دوم، تهران، کتاب برای همه .
5. الايدامی، وسن عبدالعظيم (٢٠١٩)، مدينة أصفهان في العهد الصفوي، رسالة ماجستر، جامعة القادسية .
6. بەدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٦)، شەرەفنامە، وەرگێڕانی:مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، هەولێر، دەزگای ئاراس .
7. پاریزی، باستانی، إبراهیم، محمد (١٣٩٢)، سیاست وإقتصاد عصر صفوی، تهران، الناشر صفی علی شاه .
8. تاورنیه، ژان پاتیست (١٣٦٣)، سفرنامه تاورنیه، ترجمه:ابو تراب نوری، تهران، کتابخانه سنائی .
9. تبریزی، آراکل (١٨٨٤)، تأریخ آراکل تبریزی، ارمنستان، چاپ واقارشاپات .
10. تنگستانی، محمد (١٣٩٤)، شهروند جهان، چاپ اول، لندن، انتشار اچ انداس مدیا .
11. تەوەحودی، کەریموللا (٢٠٠٦)، کۆچی مێژووی کورد بۆ خوراســـان، وەرگێڕانی:عەدنان بەرزنجی، بەشی دووەم، ســـلێمانی، دەزگای حەمدی .
12. الجاف، حسن (٢٠٠٠)، الوجيز في تأريخ إيران، الجزء الثالث، بغداد، مكتبة القدس .
13. جمالي، محمد كريم يوسـف (١٣٧٧)، تشـكيل دولت صـفوی. وتعميم مذهب تشـيع دوازده امامي به عنوان تنها مذهب رسـمی، چاپ دوم، أصفهان، اطلاعات ركورد كتابشناسی .
14. جمعة، بديح، خولي، أحمد (١٩٧٦)، تأريخ الصفويين وحضارتهم، طبع الاول، القاهرة، دار الرائد العربي .
15. جومعة، بەدیع محمد (٢٠١٥)، شا عەباسی گەورە (١٥٨٨-١٦٢٩)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
16. حرب، علي (٢٠١٢)، پەرەســـەندنی مێژووی جوڵانەوەی ســـەفەوی لە ئێران، وەرگێڕانی:بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، ســـلێمانی، چاپخانەی کارۆ .
17. الحسيني، عبد الرزاق كمونة (١٩٦٨)، موارد الإتحاف في نقباء الأشراف، النجف، مطبعة الاداب .
18. خاوري، محمدتقى (١٣٨٢) ، مردم هزاره و خراسان بزرگ، تهران: انتشارات عرفان.
19. دلاواله، پیترو (١٣٧٠)، سفرنامه پیترو دلاواله، ترجمه:شعاع الدين شفا، چاپ دوم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی .
20. دنياری، سـكينه (١٣٩٤)، وچعيت اجتماعی زنان در دور صـفوی با تكيه بر ديدگاه سـفرنامه نويسـان، فصـانامه جندی شـابور، شماره سی .
21. رازي، عبد الله (١٣٩٢)، تاریخ مفصل إيران از تأسيس سلسله ماد تا عصر حاضر، چاپ بيست وسی، تهران، انتشارات إقبال .
22. راوندی، مرتضی (١٣٨٣)، تاریخ اجتماعی ایران، تهران، مؤسسة انتشارات نگاه .
23. روملو، حسن بگ (١٣٨٤)، احسن التواريخ، تصحيح:عبد الحسين نوايی، چاپ أول، تهران، انتشارات اساطیر .
24. زەگی بەگ، محمد ئەمین (٢٠٠٦)، خولاصـەیەکی تاریخی کوردو کوردسـتان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ، ئامادەکردنی:ڕەفیق سـاڵح، بەرگی چوارەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
25. سانسون (١٣٤٦)، سفرنامه سانسون، اوضاع كشور شاهنشاهی ایران در زمان شاه سليمان صفوی، ترجمه:تقی تفضلی، تهران، چاپ یادداشت .
26. سمیعا، میرزا (١٣٣٤)، تذكرة ملوک، ترجمة:مسعود رجب، تحقيق:محمد دبير سياق، تهران، انتشارات امیر کبیر .
27. سـومر، فاروق (١٣٧١)، نقش تركان آناظولی در تشـكيل وتوسـعه دولت صـفوی، مترجمين: احسـان اشراقی و محمد تقی امامی، چاپ اول، تهران، نشر گستره .
28. سەیڤۆری، ڕۆجەر (٢٠١٩)، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج .
29. شاردن، ژان (١٣٣٥)، سفرنامه شاردن، ترجمه:محمد عباسی، جلد دوم، تهران، انتشارات امیر کبیر .
30. شفقی، سیروس (١٣٨٥)، بازار بزرگ اصفهان، چاپ اول، اصفهان، سازمان فرهنگی تفریحی شهرداری اصفهان .
31. شيباني، نظام الدين مجير (١٣٤٦)، تشكيل شاهنشاهی صفويه إحياء وحده ملی، تهران، انتشارات دانشگاه تهران .

32. الشيبي، كامل مصطفى (١٩٦٧)، الطريقة الصفوية ورواسبها في العراق، بغداد، مكتبة النهضة .
33. صـباغ، عباس إسـماعيل (١٩٩٩)، تاريخ العلاقات العثمانية الإيرانية الحرب والسـلام بين العثمانيين و الصـفويين، بيروت، دار النفائس .
34. صفاكيش، حميد رضا (١٣٩٠)، صفويان در گزرهاه تأريخ، تهران، انتشارات سخن .
35. الطهراني، آقا بزرگ (١٩٨٣)، الذريعة إلى تصانيف الشيعة، الطبعة الثالثة، بيروت، دار الأضواء للنشر .
36. عبد علي، فيصل (١٩٨٨)، التأريخ السياسي للمؤسسة الدينية في إيران (١٥٠١-١٩٠٩)، بغداد، جامعة المستنصرية .
37. العزاوي، عباس (١٩٤٩)، تاريخ العراق بين احتلالين، الجزء الثالث، بغداد، مطبعة بغداد .
38. غيبي، مهراسا (١٣٩١)، هشت هزار سال تاريخ پوشاك أقوام ايراني، چاپ چهارم، تهران، انتشارات هرمند .
39. فرانسواى، يوسف (١٣٤٦)، چندتن، تمدن ايرانى، ترجمه:عيسى بهنام، تهران، نشر كتاب .
40. فراي (١٩٦٩)، بلوجستان، دائرة المعارف الاسلامية، إعداد وتحرير: ابراهيم زكي خورشيد وآخرون، الطبعة الثانية، المجلد الرابع عشر، القاهرة .
41. فقيهى، على اصغر (١٣٦٥)، ال بويه نخستين سلسله قدرتمند شيعه، تهران، انتشارات صبا .
42. فلسفي، نصرالله (١٩٨٩)، إيران وعلاقاتها الخارجية في العصر الصفوي، الترجمة:محمد فتحي الريس، القاهرة، دار الثقافة للطباعة والنشر .
43. فلسفى، نصرالله (١٣٦٩)، زندگانى شاه عباس اول، انتشارات علمى، تهران .
44. فيگوئرا، دن گارسيا دسيلوا (١٣٦٤)، سفرنامه فيگوئرا، ترجمه:غلام رضا سعيدى، تهران، انتشارات نو .
45. قوجق، منصور ولى، مهرپويا حسين (١٣٩٦)، مطالعه تطبيقى پوشش زنان سفرنامه‌ها و نگاره‌هاى دوره صفويه، فصلنامه ترويجى پژوهش هنر، شماره سيزدهم، ايران .
46. كاتف، فدتا فانا سيويچ (١٣٥٦)، سفرنامه كاتف، ترجمه:محمد صادق همايونفرد، ويرايش عبد على سياوشى، تهران، انتشارات كتابخانه ملى ايران .
47. كمپفر، انگلبرت، (١٣٥٠) سفرنامه كمپفر، چاپ اول، انجمن اثارملى .
48. گوركانى، نورالدين محمد جهانگير (١٣٥٩)، جهانگير نامه، بكوشش:محمد هاشم، تهران، انتشارات بنياد فرهنگ ايران .
49. لاكهارت، لارنس (١٣٨٣)، انقراض سلسلة صفويه، مترجم:اسماعيل دولتشاهى، تهران، شركت انتشارات علمى و فرهنگى ايران .
50. مانتران، روبرت (١٩٩٣)، تأريخ الدولة العثمانية، الترجمة:بشير السباعي، القاهرة، مكتبة الأسكندرية .
51. مهرابادى، ميترا (١٣٨٤)، زن ايرانى به روايت سفرنامه نويسان فرهنگى، چاپ دوم، تهران، انتشارات افريش .
52. مينورسكى، فلاديمير (١٩٨٧)، الأكراد، ترجمة وتحقيق:معروف خزندار، طبعة الاولى، بغداد، رابطة كاوا للثقافة الكردية .
53. نصيرى، منصور (١٣٨٩)، تاريخ ايران در عصر صفويه، انتشارات دانشگاه پيام نور، تهران .
54. ناظم بيك، حسين (٢٠٠١)، تاريخ الإمارة البابانية، ترجمة: شكور مصطفى ومحمد الملا عبد الكريم المدرس، هه ولير .
55. نوايي، غفارى فرد (١٣٨٤)، تاريخ تحولات سياسى اجتماعى اقتصادى وفرهنطى ايران در دوران صفوية، تهران، نشر سمت .
56. نوذري، عزت الله (١٣٩٣)، تاريخ إجتماعي ايران از اغاز تا مشروطيت، تهران، نشر خجستة .
57. هينتس، والتر (١٣٧٧)، تشـكيل دولت ملي در إيران. حكومت آق قوينلو وظهور دولت صـفوي، ترجمة: كيكاووس جهانداري، چاب چهارم، تهران .
58. الوائلي، طالب محيبس (٢٠٠٧)، ايران في عهد شا اسماعيل الاول، بغداد، جامعة بغداد .
59. ولبر، دونالد (١٩٨٥)، ايران ماضيها وحاضرها، ترجمة:عبدالنعيم محمد حسنين، بيروت، دار الكتاب اللبنانى .

60. John, Malcom, (1815), History of Persia ,Vols2, London .
61. Gleave, Robert،(2005),Religion and Socity In Qajar Iran, Canada: Routledge Curzon .